کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# گفتوگۆی نێوان چرا و پەپولە ( بەشی دووەم )

## قەسیدەیەک لە ئێسیمێسەوە

هێمن ڕەئووف
www.hemnrauf.kurdblogger.com

چرا :



پەپولەکەم
ئەوا ئەمشەو
لە تاریکترین ساتی دا
تابلۆیەکم لەبالاَی شەکەتم کێشا

هەرچەند ڕەنگم کرد بەبەردا
هەرچی هێزو تینم دایە
نەمتوانی ببم بەچرا داگیرساوەکەی دڵی تۆ

ئەوا ئێستا بە مەلی چاوەڕوانیدا
بۆت دەنێرم
تێی بڕوانە

بزانە چۆن
بێ تۆ بێ ووشە و شیعری تۆ
لە تاریکیدا بزر بووم
تێی بڕوانە
بزانە چۆن
بێتاقەت و ماندوو دیارم

ئێدەوەرە با ئیتر بەس
چۆڵەوانیێ هەوارم

پەپولە :

ئەی چرا پڕ لە نورەکەم

ئەمدەزانی چاوەکانت ئاوا جوانە
هەموو جارێ تێڕادەمام
دەمگوت دەبێ
ئەم سیحرە لەکوێی هەڵبەست و نووسینما بێ ؟؟؟
وا ئەم کچە
سوکنایی بە دێرەکان دێ

بەڵام ئێستا کەدەبینم
ئاوا ناسک و نیانی
چاوەکانت
دەریایەکە لەخەیاڵی پڕ لە جوانی
تێدەگەم بۆ !
دەزانم چاوی جوانی تۆ
ناسکی ئەدا بە ووشەم
برشت ئەبەخشێ بە بیرم
هۆشیاری ئەدا بە ژیریم

چرا :

بڕوا بکە
لەوەتەی تۆ
بۆم دەنووسی

هەموو ڕۆژێ
تیشکێ لە نیگام زیاد دەبێ
هەموو ساتێ
نور و تینم کارا ئەبێ
من دڵنیام
ئێسێمێس و ووشەکانت
ڕۆژ لەداوای ڕۆژ جوانم دەکات
چاوەکانم پڕ لە نیگای جوانی دەکات

بەڵام گیانە
ئەگەر بێتو

بەم شێوەیە نەمدوێنی
دووریت بێتاقەتم دەکات
ڕەنگ زەرد و پەشێوم دەکات
وام لێدەکات !!!!!
وەکو ئێستا
تاریکی خۆی وونم دەکات

پەپولە :

چرای ڕۆحم
هێزی باڵم
من نامەوێ بەم شێوەیە هۆگرم بی
خۆت دەزانی تەمەنی من
لەتەمەنی گەڵای درەختەکان دەچێ
هەر وەرزێکە و بەسەر دەچێ

تۆ ڕووناکیت
پێویستی بۆ ئەم ژیانە
تۆ سەرچاوەی ئاوەدانیت لە ژیانا
تۆ هاوڕێی شاعیرانی
تۆ ڕێناسی ڕێبوارانی
لە تووڕەبوونی ئاسماندا
مانگە شەوی دڵدارانی
تۆ سورەییا و گلۆپی باقو بریقی
دیوەخانی هەژارانی .
تۆ چرای ڕووناککەرەوەی
دڵی تەنگی خەمبارانی ..